شانۆنامە

# کڵاو قژ[١]

نووسەر:

## ناتالیا گینسبێرگ

وەرگێرانی لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی



[١]_ چیرۆکی ژنێکە کە بە شێوەیەکی تاکەکەسی، وە بە دەربڕینی گەمژانە، باسی خۆی دەکات وە جەخت لەسەر ئەو بێ باوەری و دژایەتییە دەکاتەوە کە ژیانی بنەماڵەکەی پێک هێناوە. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ دایکی، باسی خەمەکانی ناوەوەی خۆی دەکات و خودی ناوەوەی خۆی نیشان دەدات.

# کڵاو قژ

**کەسایەتەی:**

ژن

**شوێنی دیمەنەکە:**

**ژنەکە لەسەر جێگاکە دانیشتووە؛ تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت.**

**ژن: سڵاو؟ خانم ! من ویستم پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆم لەگەڵ میلان هەبێت.**

**هەشت، سفر، یەک، هەشت، نۆ، شیش.هەروەها هێلکەیەکی تازەم دەویست. چایان بۆ هێنام، بەڵام هێلکەیان بۆ نەهێنام، نەخێر. چاییەکە؟وەک ئاوی سەهووڵ بوو. بەڵێ خاتوو گیان. گرنگ نیە . نەخێر . مێردەکەم چا ناخواتەوە. شیری قاوە دەخواتەوە. ئەویش زۆر درەنگ . کەواتە جارێکی تر پەیوەندی بە میلان دەکەیتەوە؟**

**هەمان ژمارە وتم. ئای خوایە! ئێستا ئیتر ناتوانم بیدۆزمەوە. هەشت، سفر، یەک، هەشت، نۆ، شیش. نەخێر نامەوێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەم. پێم وتیت کە نامەوێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەم.**

**«دەچێتە بەردەم ئاوێنەکە و دەست دەکات بە ماکیاژکردن. لە ژوورەکەوە دەنگی فیتوولیدانی کەسێک دەبیستریت.»**

((ماسیمۆ))!

پێت بڵێم؛پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆم بۆ میلان کرد. واز لە فیتوولیدانە دێنیت یان نا؟

ڕقم لەم پێستە وشک و زەردەیە. پەلە بکە . خراپ خەوتووم.دۆشەکەکە پڕ بوو لە گرێ. تازە سەرماشم بووە. لەم میوانخانەیەدا ئەم بەتانی من وەک پەڕۆی کۆن وایە.

. پێت بڵێم؛ لووتم ئیش وئازاری هەیە. ماسیوە . خوێنی ناوەستێت. ((ماسیمۆ))! لۆکە کان بوونەتە خوێنێکی تەواوو. کاتێک خوێنی خۆم دەبینم هەست بە دڵتەنگی دەکەم. بۆ خوێنی ئەوانی تر وانیم، هیچ خەبەرێک لەبارەوە نییە. تەنها خوێنی خۆم. ئەگەر تەنها جارێکی تر ئەم هەڵەیە بکەیت و بتەوێت شەقەزەلەم لیبەدیت ، ئەگەر پشت گوێت دیت، منیش دەبینی. چەناگەم ئازاری هەیە.

لووتم..ئاە تۆخواوەندەکەت! لەو حەمامە نەفرەتیە وەرەدەرێ . هەرچەندە لە حەمامدا خۆت حەپس کەیت، کاتێک دێیتە دەرەوە، لە پێشووتر پیستری.

سەیرە! تەنانەت ئەگەرمن خۆشم نەشوم دەموچاوم خاوێنە. چاو لێکە تەمەنی کڵاوقژەکەم گەیشتووەتە کۆتایی ، دوا ڕۆژەکانیەتی. تەنها بابەتی تۆزخاوێن کردنەوەیە. بەو شێوەیەی تۆ فرێت دا، ئێستا قوڕاوییە. حەیف! دیاری خۆت بوو. . تاکە دیارییەک کە لەم شەش ساڵەی ژیانی هاوسەرگیریماندا پێت بەخشیم. بەس کە پیسکەو قەرنیسی.

بێگومان تەنیا بۆ من! بەڵام بۆ خۆت زۆریش دەست ودەڵ ئاوای. پاڵتۆ بۆ خۆت دەکڕیت، کە لەم دۆخەدا ئیستای ئێمە دا پێویست نەبوو. تەنانەت لەگەڵ تۆشدا ناگونجێت. بۆ ئەوەی چاکەتی مەخمەلی لەبەر بکەیت زۆر کورتیت.

ئەمان لەم میوانخانەیە! هێلکەیەکی تازەم بۆ خۆم داوا کردوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووە.

«تەلەفۆنەکە زەنگ لێدەدات»

وەرە ئەمەش دایکمە.

سڵاو دایە! سڵاو . ئێستا یەک کاتژمێرە دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. نەخێر، نەمدەویست ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەم.چونکە ((ماسیمۆ)) نایەوێت.قەرنیس وپیسکەیە.بەڵام هەرچەندە بۆ کڕینی جلوبەرگ خۆی وا نییە. هەرئیستا باسی ئەوەم دەکەرد چاکەتێکی مەخمەلی بۆخۆی کڕیوە.

شتێکی نارێک وناحەز.بەو قەدوباڵا کورتەی نازانیت چی لێدێت. ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە. قژی درێژە. هەرگیز بە قژی درێژەوە نەتبینیوە، نەخێر؟ ئێستا دوودەستە گەسەک لەسەر دەموچاوی و کۆمەڵێک موو لەسەر شانی هەیە. بەڵێ ،ماوەیەکی زۆرە تەلەفۆنم بۆ نەکردوویت. لەبری ئەوە نامەم بۆ نووسی. بۆم نەنوسیوەی،کە پەرچ و قژی دەرێژ بووە؟ ئەی ..! دەزانی لە کوێوە پەیوەندی دەکەم؟ لە ((مۆنتی ساورۆ)) گوندێک لەسەر لوتکەی گردێک. لێرە بەفر دەبارێت . ئێمە لە میوانخانەیەکداین بە ناوی کۆلۆدۆرۆ.

نەخێر شوێنێکی باش نییە. هەرگیز، زۆر لەمەوبەر داوای هێلکەیەکم کرد، بەڵام تا ئێستا بۆیان نەهێناوم. تەنها بلۆزێکەم لەسەر بیجامەکەمەوە لەبەر کردبوو. مرووف لێرەدیبەستێت. چی تر دەتەوێت رووبدات؟ نەخێر . هیچ کام لە منداڵەکان. منداڵەکان هەموویان لە ڕۆمان. هەر لەگەڵ ئەو خانمەن، نەخێر زۆر ئاسوودەن پێی. خانمێکی روخۆش و دڵخۆشە. بەردەوام گۆرانی دەڵێیت. بەڵێ بە دڵنیاییەوە. هەروەها دەست وبردی لە چێشت لینانیش هەیە. ئەو کار نەکردنی، بە هیچ شێوەیەک باش نییە. بەڵام ئەگەر ڕاستگۆ بین، ئەوە لە چێشت لینان شارەزایە. من ؟ من دڵخۆشم ؟بۆ چی بەهۆی ئەم ژنە؟ لەم بابتەوە باشە، ئەگینامن زۆربەدبەختم.

لە شتەکانی تردا، منیش زۆر بەدبەختم. بەڵێ ئەوەیە. باشتر کە نەمانهێشت منداڵەکان شوێنمان بکەون. لێرە بەفر دەبارێت. هەر کە دەستمان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو «تۆدی»، ئۆتۆمبێلەکەمان وەستا. ژاوەژاوێکی زۆری دەکرد و دواتر ڕاوەستا. بەفرەکەش لە هەمووی خەرابتر. لە باری دەروونی هەر زۆر تێکچووم . دوو جانتا و تابلۆکانمان هەڵگەرت وە دەستمان کرد بە ڕۆیشتن. نیو کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتین تا دواجار دوکانێکی چاککردنەوەمان دۆزیەوە، پێڵاوەکانم تا ڕادەیەک تەڕ بوون.

پێڵاوەکانیکەم نەبوون. بۆچی ؟ باشە من نەمهێنابوو. کاتێک لە ڕۆمەوە بە پێ دەڕۆیشتین، کەش و هەوا باش بوو. هەمان پاڵتۆی پێستی ئاسک و تەنوورەیە درێژکەم و کراسی ڕەشم لەبەردا بوو.

ئاخ بۆ جلێکی کش وگەرم. بانگی میکانیکێکمان کرد و هات و ماشێنەکی ئێمەی ڕاکێشا.وا دیارە پاتریەکەی پێویستی بە گۆڕین هەیە. هەمان ئەومیکانیکێکە ئەم میوانخانەیەی نیشان داین. دوێنێ شەو بۆ ژەمی ئێوارە پاشماوەی کۆتلێتمان خوارد و دواتر چووینە سەر جێگا وخەوتین. پێیەکانم ببوونەدوو پارچە سەهۆڵ.

((ماسیمۆ)) بەو خۆڵقە سەگیەوە جێگاکەی هەڵگرت بردییە حەمام. دەڵێت کاتێک بە تەنیایە باشتر دەخەوێت.

دایکە ! کارێکم پێت هەبوو بویە بانگتم کرد. ویستم پێتان بڵێم پێویستمان بە پارەیە. کاتێک ڕۆمامان بەجێهێشت، پارەیەکی زۆرمان لەگەڵدا نەبوو.

بۆچی ؟ چۆ زانیین پاتری ئۆتۆمبێلەکە لەکاردەکەوێت؟!

بە بڕی دوو سەد هەزار لیرەمان بۆ بنێرە .

ئەها؟ بەڵێ . شەرمەندە . ڕەنگە دواتر پێت بەدێنەوە. هەشتایان بۆپاترییەکە. ئەوەی تریش بۆ ئێمەیە. واتە پێویستمان بە زیاترە ،ئەوەش بۆ ئێمە بەسوودە.

کاتی ڕۆیشتنمان ڕۆژی شەممە بوو. نەمانتوانی بچینە بانک. هەرچەندە لە حیسابەکەمدا پارە نەبوو. نزیکەی هیچ ،بیرمان کردەوە ئەو شەو بێین (تودی)و بە جۆرێک لەوێ چاکی بکەینەوە. لە تۆدی چەند هاوڕێمان هەیە،

پێویستە پارەی حەواڵەکردنەکە لە ڕێگەی تەلەگرافەوە بنێری.بە شێوەیەکی ئاسایی مینێرە بە پۆستی خێرایی.

ئێمە لێرە گیرمان خواردوە و ((ماسیمۆ)) دەمارگیرە ومیزاجی سەگێکی تەواووە. ڕەفتارەکانی خراپتر بووە.

قژەسەریشی کلک ئەسپی بەستووە .

پێش ئەوە شەقەزەلەیکی کیشا بە بن گوێمدا ودەم و لووتمی خوێناوی کرد.

هێشتا لووتم پڕە لە لوکە.

بیجامەکانیشم پیسە بووە.نەخێر دایە، ئەوە زۆر ڕاستە.من هیچم لە خۆمەوە ساز نەکردووە.من؟!!من؟ چیم لێکرد؟ هیچ .تەنها پێم گوت تابلۆکانت بە هیچ شێوەیەک جوان نین.هەموویان وەک یەکن. کێڵگەیەکی سەوز پڕ لە گوڵ، کە چاوێکی گەورەت لەسەر کێشاوەتەوە.من ڕاستیەکەیی دەڵێم.ئەوەندە ئەو چاوەم لەو سەرەوە بینی ماندوو بووم.تەنانەت لە خەونیشدا دەیبینم.

چاو داقڵیشاوێک بە بەڕژووڵێ درێژەوە جوولانێ دەکات.

ئەوە زۆرگەورەیە،زەردە،لە هێلکەیەک دەچێت لەناو ڕۆندا.

دایکە ! بینووسە!چاویلکەکەت لەچاوکە.ئەگر ناحەز یابە شێوەیەکی ناخوێنەرەوە بنووسیت ، دواتر ناتوانیت لەی تێبگەیت کە چیت نووسیووە.ئە. هۆتێلی کۆلۆرادۆ. نەخێر، نەک پۆلۆرۆدۆ. کۆلۆرادۆ. مۆنتی ساورۆ پارێزگای تۆدی.پارێزگا نییە؟با..با...پارێزگایە..لەبیرت بێت لێرە بەفر دەبارێت. پێشتر پێم گووتوی. بەڵێ ،ئەگەر حەواڵەکە نەگات، ناتوانین لێرە بمێنینەوە. کەمێک .

ئەم پارچە پارەیە تەنانەت بەس نییە بۆ مانەوە لەم میوانخانە.

خەتای منە؟! لەوانەیە ،

بڕیارە بچینە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانمان. ((ڕۆزاریا)) توێژەری کۆمەڵایەتییە. ((ڕۆزاریا)) بڕیارە پارێزەرێکی پیرمان پێ بناسێنێت، ئەو پارێزەرە تابلۆ دەکڕێت. بڕیارە شەش تابڵۆی بۆ ببرین.

بەڵێ هەمان بچاوانی جاران. نەخێر ناتوانین تەلەفۆن بۆ (ڕۆزاریا) بکەین وداوای قەرزی لێ بکەین.

((ماسیمۆ))دەڵێت لە ئەدەبەوە بەدوورە.

تازە ((ڕۆزاریا)) خۆی هەشتی لە بەری نووی داناوە .

ماسیمۆ کتێبێکی بۆ خۆی هێنا، بەڵام من هیچم نییە بیخوێنمەوە.

تەنها ژمارەیەکی کۆنی گۆڤاری ((ئانابێلا)) هەیە کە ئەویش لێرە بەدەستم هێناوە. ڕادیۆش لێ نییە.

من نەهێناوە ئاغاش چوتە ناوەڕاستی گەرماوی حەمامەکەو کتێب بە دەست خۆی تیدا پان کەردووتەوە.

کتێبێک بە ناوی "دەروونناسی عەقڵی نائاگا".ڕەنگە هی فرۆید بێت.

تورەیەکی سەیر و سەمەرەی هەیە، کاتێک دەچیتە حەمام کتێب دەخوێنتەوە . چەند کاتژمێرێکە کایە بە ئاوەکە دەکات. تازە هاتیشە دەرەوە و لە جاری پێشووی پیسترە و پرە لە تاو و چرچ و لۆچ .

(زەنگەکە لێدەدرێت)

فەرموو .

پێم وایە بۆ دواجار هێلکەکانیان بۆ هێناوم. نەخێر نامەوێت جارێکی تر پەیوەندی بکەمەوە. چاوەڕوان بە . نان دەخۆم و قسەش دەکەم.

(لێیان وەردەگرێت، سینییەک لەگەڵ نانی بەیانی و کوپێک چا)

جاچاو لێ کە؛ من داوای نانی گەرم و تازەم کەردووە، چیان بۆ من هێناوە ؟ ! نانێکی رەق کە وەک بەرد وایە. چی هەیە؟ هێلکە؟ بەڵێ تازەیە. وا دەردەکەوێت کە تازە بێت. دایکە ! من لە ناوەڕاستی بەلادام و دواتر تۆ پرسیار لێدەکەیت هێلکە تازە یە یان نا؟

دایکە ! پێم وایە من و (مەسیمۆ) چیتر ناتوانن پێکەوە بژین.

نازانم .

چیتر بەرگەی ناگرم. ئەویش چیتر تەحەمولم ناکات. ئێمە بەردەوام لە لەگەڵ یەکتر شەڕداین . شەڕی یەک خولەک ودوو خولەک نییە. دایکە ! زۆر خراپتر. پێش ئەوەی وە ڕێ کەوین، پێکەوە شەڕێکی حیسابیمان کرد. لەسەر مێزەکە دانیشتبووین. پێم گوت هیچ بەرژەوەندییەکم نییە بۆ هاتن بۆ«تۆدی». بە ئینگلیزی وەڵامی دایەوە ئەگەر لە گەڵی نەیم، یەکسەر دەرم دەکات. بە ئینگلیزی قسەی دەکەرد. چونکە منداڵەکان لەوێ دانیشتبوون. هەروەها منیش بە زمانی ئینگلیزی وەڵامم دایەوە کە ناتوانێت من بخاتە دەرەوە، چونکە ماڵەکەهی منە. ئەو خانووەمان بەو پارەیە کە باوکم بۆی بە میرات بەجێ هیشتبووین کڕی .

ڕاستە کە بە ناوی منداڵەکانە بەڵام پارەکە هی منە. خەریکی خواردنی خەرمالو بوو. خەرمالوکەی بە تووڕەییەوە بە زەوی ژوورەکەوە دادا. کەوچکێکم هەڵگەرت و دەستم کرد بە پاککردنەوە.

نانا، منداڵەکان بە هیچ شێوەیەک نە دەترسان.بەپێچەوانەوە کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد.

# کڵاو قژ

لەو کاتەدا کە خەریک بووم، زەویە کەم پاک  دەکردەوە، ئاغا پەڕیی بە کڵاو قەژەکەمی دا دەکرد و لە پەنجەرەوە فڕێیدایە دەرەوە.

کڵاوقژەکەم سوورا سوورا تاڕاست کەوتە چاڵ ئاویک ، پەر لە ئاو وقوڕاوی باران.

ناچار بووم خانمەکە بنێرم تا بچێتە نۆهمی خوارەوە.

هەر ئەو جێگایەی دەواسازەکە دادەنیشێت،

کورتی کەمەوە بۆت ئەو خانمەو ودەواسازە کە بە داریک توانیان کلاو قژەکەم بۆ بێننەوە ،

ئەویش چی،؟ ئاویکی تەواوو بەریکیش قوراویی،

پاشان بە خانمەکەم وت جل و بەرگی  لەبەرمنداڵەکان بکە وبیان بات ڤێلاکە(( بۆڕگە زە )).

لەگەڵ (مەسیمۆ) کە بە تەنیا بووم، لە پەڕ خوێن بەر چاومی گرت، و هەموو تابلۆکانی کە لە بەر دەرگای چوونە ژوورەکە بوو وە بەر لەقەم دا.

ئەویش هاواری دەکرد، منیش خۆم لە ژوورەکە زیندانی کرد دەستم کەرد بە شانەکردن و ویشک کەردنەوەی کڵاو قژەکەم .

پاشان داوای لێکردم دەرگاکە بکەمەوە.

خەریک بوو بگری.

داوای لێبوردن دەکرد.

بەلێبوردن وە داوای لێکردم لەگەڵیدا بێم(( تودي )).

دەڵێ من بوێرودەڵ ئارامی دەکەمەوە.

نازانم چۆن دەتوانم بوێری بکەم؟

چۆن دەڵ ئارامی و ئازایەتی بە کەسێکی تر بدەم؟

کاتێک بەردەوام لە بن گوێیدا  دەڵێم، بە هیچ شێوەیەک حەزم لە تابلۆکانی نییە، و پێم وایە ئەو چاوە زەق گاڵتەجاڕی وناحەزە.

بەهەر حاڵ منیش ڕازی بووم لەگەڵی بێم.

بێگومان باشتر بوو لە ماڵەوە بمێنمەوە. چونکە هەر کە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتین جارێکی تر دەستمان کردەوە بە شەڕ و دەمەقاڵە.

دایکە ! بەڵێ دەزانم .

خراپ نییە .

ئەمە باشە .

وەک مۆم لە دەستم دایە.

دەستی لیدانی هەیە،بەڵام هیچ شتێک لە دەڵدا نییە.

ئەزانم .

بەڵام ئیتر بەرگەی ناگرم.

بەڵێ پێویستە سەرکەوتوو بێت.

. بەڵێ . ڕوون بوو کە سەرکەوتوو دەبێت. دڵنیابە .

ئەو؟ بەڵێ دروست و تەندروست و باشە.

هەروەها منیش .سەلامەتم، منداڵەکانیش بە هەمان شێوە.

دایکە ! بەڵام لێرەدا تەندروستی سوودی چییە؟

بەڵێ دەزانم .

هەردووکمان لە هەموو شتێک زیاتر منداڵەکانمان خۆشدەوێت و بەهۆی منداڵەکانمانە کە ئێمەش دەژین.

ئەزانم .

بەڵام ئیتر بەرگەی ناگرم.

دایکە ! دەبێت ڕاستییەکێت پێ بڵێم.

من دەڵم گۆڕاوە.

چی نەخێر .

((ماسیمۆ)) باش دەزانێت.

لە هەزار دەرگام دا تا دواجار توانیم پێیی حاڵی کەم.

نەخێر .

نەخێر .

تۆ خوداکەت لەخۆڕا دەست مەکە بە جنێودان ،ئەگەر وابەکەیت هیچت پێ ناڵێنم.

بەڵێ کەسێکم لە ژێر سەردایە.

ناوی فرانسیسکۆیە

خۆشەویستی کە نە، بێگومان وشەی خۆشەویستی ناگرێتەوە ، چونکە تەنانەت دەستی لێ نەداوم. هەرگیز .

هیچ کاتی نییە.

هەمیشە سەرقاڵە.

بەڕێوەبەری گوڤاریکی هەفتانەیە..

بۆ خۆی پیاوێکی سیاسیە.

بەڵێ بەناوبانگە.

دەوڵەمەند ؟

نەخێر باوکە چ سامانێک؟

ئاه، تازە دەبێت پارەی منداڵەکانیشی بدات.

منداڵەکانی خۆی.

شەش منداڵی هەیە.

نەخێر کوڕێکی قۆزش نییە.

جوانیش نییە، جگە لەوەش، کوڕە لاویش نییە.

تەمەنی چل و نۆ ساڵە.

بەڵێ دایە! جوان نییە ،سەرشی کەمێک کەچەڵە.

لووتیشی گەورەیە.

بەڵێ، گەورە.

چیم بەدڵ بوو؟

ڕاستگۆیانە بڵێم نازانم.

نەخێر من بنەماڵە لێ ناشەوێنم.

ژنەکەی گاڵتەی پێ دەکات

بڵێی ونەڵێی لێکتر جیان. ئەو لە قاتی سەرەوەیە. شوقەکەی بێ وێنەیە. لە شەقام ((جێزۆ))

ژن و منداڵەکەی لە قاتی خوارەوە دەژین.

منداڵەکان زیاتر لەوێ سەرەوەن.

لە شوقەکەیان دەنگە دەنگێکی زۆرە. دەنگی زەنگ، دەنگی ئامێری تایپکردن. تەلەفۆنی خەڵک و ژاوەژاوی منداڵان

. ناتوانیت لەوێ شەقاو هەڵێنیت منداڵ وەبەر پێت نەکەون. ژەنەکە هەمیشە بەو شتانەی دەیکرێت دیتە سەرەوە. بە جیا چێشت لێدەنێن.

ژنکە؟ بەڵێ، میهرەبانەلەگەڵم.

خانمێکی جوان و کەمێک گۆشتاوییە. خووی خراپیان ئەوەیە کە هەردووکیان خواردن دروست دەکەن. هەم پیاوەکە هەم ژنەکە. پیاوەکە ئەوهەموو کارەی هەیە، بەڵام دیسان دەچێتە چێشتخانە بۆ ئەوەی شۆرباکەی دروست بکات.هەردووکیان یەکێکن لەو کاتۆلیکە سەرسەختانە. ئەوان چەپین بەڵام کاتۆلیکن.

دەبوو زۆر زووتر پەیوەندیم لەگەڵ ئەم دوو کاتۆلیکەدا ببڕم.

ئەویش لەم ئەم شەلەم شۆربایەدا کە دەستی پێکرد .

من دەترسم لێی دووگیان بم. نەخێر . نەخێر . لە ماسیمۆوە نییە. لە فرانسیسکۆوە.

نەخێر .بەڵێ ، هەرگیز دەستی لێ نەداوم.

بەڵام یەک جار دەستی لێدام، ئەویش لێی دووگیان بووم.

ڕۆژێکی شەممە بوو. پشت دەرگاکەمان کلیل کردبوو. نەخێر . لە ماڵی ئێمەدا نەبوو. ماڵی خۆی. لە شەقام ((جێزۆ))

منداڵەکان بانگ دەکردەین.

هێی، ئەوان بانگ دەکردەین. دەرگاکەمان نەکردەوە.

زۆر ترسناکە.

هەر لەبەر ئەمەشە بە هێمنی قسە دەکەم، چونکە ((ماسیمۆ)) ئەمە نازانێت.

نازانێت من دووگیانم. پێم نەگوت.

بە فرانسیسکۆشم هیچ نەگوتوە.

بەگەڕێمەوە پێی دەڵێم.

نامەوێت منداڵەکە لەدەست بدەم. من بە هیچ شێوەیەک بیر لە هیچ ناکەمەوە.

من ئەم منداڵەم دەوێت.

بەڵێ دایە! ئەویش لوتی گەورە دەبێت.

گرنگ نییە لووتی چۆنە.

من دەمەوێت لەگەڵ فرانسیسکۆ بژیم.

نەخێر، مێشکم باشە.

باشە من عاشقی بووم.

کێشەکە لەوەدایە کە ئەو نایەوێت.

هیچ کاتێکی نییە بۆمن.

لە ژیانی ئەودا من جێگەم نییە.

ژیانی زۆر سەختە.

پڕ لە پەڕە لە کێشە، نازانم چی بکەم ، نائومێدم.

بەڵێ تێدەپەڕێت، بێگومان تۆ دەڵێی تێدەپەڕێت.

ئامادەم لە هەر بارودۆخێکدا لەگەڵیدا بژیم. من بڕیاری خۆمم دا.

بەداخەوە نایەوێت.

بەڵام قەناعەتی پێدەکەم.

بەڵێ ،هەروەها زۆر خۆشی دەوێم.

بەڵام ئەو خۆی ون کەردووە.

دڵنیا نیە کە ئەمە کارێکی دروستە یان نا.

دەڵێ ئێمە دووانەمان، من و ئەو، باخچەی ساوایان دەست پێدەکەین.

تێگەیشتیت؟

ئەتەویت چی بکەیت؟

دەچیت بانگی کێ دەکەیت؟

لەگەڵ ((ماسیمۆ))؟

لە قسەکردن لەگەڵیدا هیچت دەست ناکەوێت.

مەجووڵێ. لەوێ بمێنەرەوە.

لەوێ بمێنەرەوە ئەو حەواڵەم بۆ بنێرە.

دەبێت تەلەگرافی بێت.

ماڵئاوا دایە ،دەبێت ئێستا بەرووم.

ترسایت ،نەخێر مەترسە.

دەبینیت هەموو شتێک باش دەبێت.

چۆن؟ من نازانم .

من شێت نیم باشترە ماڵئاواییتان لێ بکەم.

بە هەمان شێوە دەبێت پارەیەکی زۆر بدەین بۆ ئەم تەلەفوونە.

چاوەریی حەواڵەی پارە کەدەکەم. هۆتێلی کۆلۆرادۆ. ((کۆلۆرادۆ)) بەڵێ دایە، سوپاس

«تەلەفۆنەکە دادەخات. دەگەڕێتەوە بەردەم ئاوێنەدا و دیسانەوە دەست دەکات بە ماکیاژکردن.»

ژن : (( ماسیمۆ )) ! پێت بڵێم دایکم سبەی پارەکەمان بۆ دەنێرێت.

دایکی هەژارم کەمێک ترساو بوو .

ترسێکی زۆری لێ نیشتووە.

هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردەوە.

وشتێکی ترکەتۆ تا ئێستاش لەو بارەیەوە نازانیت.

کە من دووگیانم.

من و فرانسیسکۆ دوو جار پێکەوە بووین و منیش لێی دووگیان بووم.

گوێت لێیە چی دەڵێم؟ بەڵێ دەبێ بیستبێتت.

چونکە ئیتر دەنگی فیتو لێدانت نایێت.

هێی بەفر دەبارێت.

هێی بەفر دەبارێت.

ئەمڕۆ دەبێت چی بکەین؟

خودا دە زانێ هەی با لەم ژوورەدا   خۆمان بشارینەوە.

خۆزگە لانیکەم ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی وروژێنەر بێت.

((ماسیمۆ ))! ئیرە بووتە چۆم .

ئاو هاتۆتە ئێرە.

تابلۆکانت تەڕ بوون.

هێواش هێواش بە قوماشێکی کۆن وشکیان دەکەمەوە.

دەبینیت؟ من ئاگاداری تابلۆکانتم.

بەڵام بە پێچەوانەوە تۆ لەگەڵ شتەکانی من خەراپ هەڵدەکەیت. تێکی دەدەیت

. ئەمە کڵاوە قژی بێچارەی من.

بە جۆرێک ڕات کێشا کە دڵی مرۆڤ وە ژان دەکەوێت.

بۆ خۆت بۆت کڕیوم، لەبیرتە؟ بە پارەی یەکێک لە تابلۆکانت.

یەکێک  لە تابلۆیانە کە فرۆشرا.

گوڵزارێکی سادە بوو.

بە لام نە خیر .

هەروەها چاوێکی بچووکیش لەسەر گوڵێک بوو.

هەر وەک هەنگێکی بچووک.

چوار ساڵ لەمەوبەر بوو.

خۆشبەخت بووین.

پێت وایە چەندە یادی ئەو ڕۆژانە دەکەم؟

خودا دە زانێ.

ئەو کاتە تۆم خۆشدەویست. تۆ هێشتا سمێڵت مووی لینەهاتبوو.

هێشتا ئەم قەژە کلکی ئەسپە ناڕێکەت نەبوو.،قژت سیخ بوو. وەک فلچەی ددان.

پێم وانییە ئەو کابرایە تابلۆت لێ بکرێت.

ئەمانە هەمووی خەیاڵی «ڕۆزاریا»یە.

هاتنمان بۆ ئێرە بێسوود بوو.

زۆرم سەرمایە.

لەو حەمامە وەرە دەرێ ئەگینا دێم تەقەت لێ دەکەم.

من ،من دوو گیانم تێدەگەیت ؟

من دووگیانم لە فرانسیسکۆ و نامەوێت منداڵەکەشم لەدەست بدەم.

من دەڕۆم من لەگەڵ فرانسیسکۆ دەژیم.

منداڵەکانیش لەگەڵ خۆم دەبەم.

هەرچەندە بۆ تۆ گرنگ نییە منداڵەکان لەگەڵ کێدان.

ئەگەر ویستت لە هەمان شوێن لە شەقامی (( چێرکی ))بمێنەوە.

ماڵەکەتان دەدەمێ وهەڵبەت پێت نابخشم ، چونکە هی منداڵەکانە.

بە کرێی پێت دەدەم.مانگانە حەفتا هەزار لیرە. نەخێر هەشتا. پێت چۆنە؟

ماڵەکەی لەسەر شەقامی جیزۆیە.

ئای خوایە! دیسان لووتم خوێنی لێ هاتەوە. لەو حەمامە وەرەدەرێ. وەرە یارمەتیم بدە خاولییەکم بۆ بێنە. هەموو جلەکانم پەڵەی خۆێنیان لەسەرە. ئیتر جلم نییە. تەنها ئەمەیە.

«[بە توندی لە دەرگای حەمامەکە دەدات. پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێت.دەرگاکە دەکرێتەوە.»

ژن: نەخێر. خواگیان! نییە.نەماوە . ئەو بۆ کوێ چووە؟ جلەکانیشی لێرە نین. دەبێ لە باڵکۆنەوە چووبێت. ناتوانێت زۆر دوورکەوتبێتەوە. ناتوانێت لەم گوندە نەفرەتیە بەتەنیا بە جێم بێڵێت.

«تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت.»

ژن: سڵاو! خانم ! مێردەکەمت نبینیوە؟

ئاه ! بەڕاستتە ؟

لە ژووری نانخواردندایە؟

چی دەکات ؟

شیری قاوە دەخواتەوە؟

پێی بڵێ یەکسەر بێتە سەرەوە.

پێی بڵێ ئاگاداریم لێ بکات.

من نەخۆشم.

پێی بڵێ واز لە خواردن بهێنێت ویەکسەر بێتە سەرەوە.

من لێرە خەریکم شێت دەبم .

حاڵم تێک چووە.

سەرمامە.

ماندوو و نائومێدم،

ئەگەر یەکسەر نەیتە سەرەوە... دوومەقەست هەڵدەگرم و هەموو تابلۆنەکبەتییانی پارچە پارچە دەکەم.




دیزاینەری پۆستەر: فەراز سەیادی ئەسکۆی

**ناتالیا گینسبێرگ، لە ١٤ی ژووئن ١٩١٦ لەدایکبووە و لە ٧ی ئوکتوبری ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە، نووسەرێکی ئیتاڵییە. گینسبێرگ لە شاری پالێرمۆ لەدایکبووە بەڵام زۆربەی منداڵی لە تۆرین بەسەر بردووە. ساڵی ١٩٣٣ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەم چیرۆکی خۆی لە گۆڤارێکی ئەدەبیدا بڵاودەکاتەوە. گینسبێرگ لە بواری جۆراوجۆردا کاری کردووە وەک نووسینی ڕۆمان و کورتە چیرۆک و وتار و زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی.کە لە بەرهەمەکانیدا مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی خێزانی و سیاسەت و فەلسەفە دەکات.**


تیوال
Photo by: Ziya Safavian


تیوال
Photo by: Ziya Safavian


تیوال
Photo by: Ziya Safavian